# سیاسەتی دووفاقی ئەمریکا پرۆژەی رۆژهەلاتی پووچەڵ کردەوە

ستار محەمەد قادر

پرۆژەی رۆژهەلاتی ناڤین، پرۆژەیەکە دەکرێت خوێندنەوەیەکی دی بۆ بکرێت، بێشك پشکی شێری ئەم پرۆژەیە بەپلەی یەکەم پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاییە و قایمکردن و پتەوکردنی ئەو ستراتیجیە کە هەبوونی خۆی لەسەر گۆی زەوی بپارێزێت، ئەویش بەئامادەبوونی هێزەکانیەتی لەناوەڕاست یان لەلێوارەکانی زەوی، ئاشکرایە ئەمڕۆ ئەمەریکا تاکە زل هێزی جیهانە، زل هێزێك بۆ یەکەم جارە لەمێژوودا بتوانێت لەهەموو بوارەکان. سیاسی، ئابووری، سەربازی، تەکنۆلۆژی، تێوری، پراتیکی، رۆڵی بنچینەیی ببینێت. هەر چەندە لەسەر وەقتی هەر دوو بیرو باوەڕی ئایینی ئیسلامی، مەسیحیدا کە دوو دەرکەوتەی مێژووین. هەر یەکەو بەشێوەی جیاواز ویستیان جیهانگیری خۆیان بسەلمێنن، لێ هەوڵەکانیان نەگەیشت بە ئامانج. سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە بەرایی دروستبوونەوە سیاسەتێکی بەرژەوەندی پارێزە ئەمەش بۆ خۆی شتێکی شاراوە نییە و رەنگدانەوەی هەیە لەڕاگەیاندنەکانی خودی ولاتی ئەمریکادا و حەقێکی شەرعی خۆیانە، چونکە سیاسەت بەگەمە ناوزەد دەکرێت. ولاتی ئەمریکا بۆ یەکەم جارە لەمێژوودا رۆڵی پۆلیس بگێڕێت، هەر چەندە سالانێکی دوور و درێژە ئیش بۆ ئەو لایەنە دەکات، تا لەکۆتاییدا زەمینەیان بۆ تەخت بوو و ئەو خەونەیان هاتەدی. بێگومان پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوین لەدەرئەنجامی گۆڕینی سیاسەت و ستراتیجیەتی ئەمریکا هاتە ئاراوە، لەپێش کارەساتی 11ی سێپتەمبەر ئەمریکا ستراتیجی خۆی لەسەر بنەمای جوگرافی داڕشتبوو، لەپاش کارەساتی سێپتەمبەریش ئەو ستراتیجیەتەی گۆڕی و شەڕی تیرۆری کرد بەبنەماو جیهانی دابەشکرد بەسەر دوو بەرەدا؛ "بەرەی تیرۆر و دژە تیرۆر"، چارەسەری ناوەڕاستی نەهێشت، هەر چەندە ولاتی ئەمریکا بەئەمڕۆیشەوە پێناسەیەکی وردی بۆ تیرۆر نەکردووە! یەکەم قۆناخی جیهانگیری ئەمریکا لەئەفغانستانەوە دەستیپێکردو لەولاتی ئێراق دووەم قۆناخی ئەو پرۆسەیە هاتە واری جێبەجێکردن.

پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوین، پرۆژەیەکە لەپێناو فەراهەمکردنی ماڤ میللەتاندا بیرۆکەکەی داڕێژراوە، ئەوەی ئەمڕۆ لەسەر ئەرزی واقیع دەبینرێت جیاوازیەکی بەرچاوی هەیە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەیدا. هەر لەگۆڕینی ناوی پرۆسەی ئازادی ئێراق بەپرۆسەی داگیرکاری ئەو گومانەمان لەلا دروست دەکات کە رەنگبێ دووبارەکردنەوەی هەمان سیناریۆی بەرایی دروستبوونی ولاتی ئێراق بێت، کە پەیوەندییەکان سنووری دەسەلاتەکانی تێنەپەڕاندو میللەتی تیادا پەراوێزکرابوو، ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئەوەیە کەسایەتی دووفاقی خودی ئەمریکا رێگرەو کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەبەرجەستەکردنی پرۆژەکە، چونکە ناکرێت لەولاتێك کێشەی سیاسی کورد تیشك بخرێتە سەری و بکرێت بەهاوپەیمانی گەورەترین زلهێزو لەولاتێکی دی بە وەحشیترین ترین شێوە لەهەزارەی سێیەمدا بەبەرچاوی هەموو دونیاوە بەچەکی کیمیاوی هێرش بکرێتە سەر بنکەی پێشمەرگەکان، ئەمە لەکاتێکدا رژێمی تورکیا بەرۆژی نیوەڕۆ خەریکی پەروەردەکردنی تیۆری تیرۆرەو بەرامبەر بەگەلێکی 45 ملیۆنی بەکاری دەهێنێت، ئەوەی ئەمڕۆ لەگۆڕەپانی سیاسی رۆژهەلاتدا دەبینرێت ناوەڕۆکی ئەو پرۆژەیە نییە کە ولاتی ئەمریکا دەیەوێت وەکو دیاریەك پێشکەش بەگەلانی رۆژهەلات بکات، کێوماڵی لەشکری تورکیاش بۆ سەر بنکەی شۆڕشگێڕە ولاتپارێزەکانی باکووری کوردستان، راستییەکە ئاماژە بەو دوو فاقیەی سیاسەتی ئەمریکا دەکات، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەر بیەوێت پرۆژەیەکی بەو شێوەیە گرنگ لەرۆژهەلاتی ناڤیندا تەوزیف بکات، دەبێت هێڵی گشتی تیرۆرر پێناسەو ئاشکرا بکات، چونکە تیرۆر بەتەنها بریتی نییە لەکردەوە خۆکوژییەکان، بەڵکو تیرۆر بریتییە لەترساندن و تۆقاندن و دڵەڕاوکێ و خۆسەپاندن بەسەر میللەتاندا، نەك خەباتی گەلان دژ بەداگیرکەران ناسنامەی تیرۆر بدرێتە پاڵیان، ئاشکرایە تیرۆر داکشانی پانی هەیەو بەتەنها لەکردەوە خۆکوژییەکاندا پێناسەناکرێت، بۆیە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەر بیەوێت تیرۆر بنبڕ بکات دەبێت لەسەرەتادا هەموو جۆرەکانی تیرۆر مەحکوم بکات، چونکە ئەو تیرۆرەی کە ولاتی تورکیا پیادەی دەکات دژ بەنەتەوەی کورد زۆر ترسناکترە لەتیرۆری رێکخستنە تیرۆریستییەکان.